عێراق و فەرەنسا تاوتوێی هاوکارییە دادوەریەکانی نێوانیان دەکەن

ئەمە یەکشەممە"فایق زێیدان سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری،لەگەڵ "پاتریک دورەل" باڵیۆزی نوێی فەرەنسا لە عێراق سەبارەت بە هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەسەر ژمارێیەک مەلەفی هاوبەش گفتوگۆیانکرد.

لە بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە:- فایق زیدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری پێشوازی لە "پاتریک دورەل " باڵیۆزی نوێی فەرەنسا لە عێراق و وەفدی یاوەریکرد.
وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێدا :- زیدان لەگەڵ باڵیۆزی فەرەنسا تاوتوێی بەردەوامی هاوکارییە دادوەرییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەسەر چەندی مەلەفی هاوبەش کرد.